# ڕیزەکانتان ڕێک بکەن یان ئەوەتا خودا ناکۆکی دەخاتە نێوانتانەوە

لە نوعمانی کوڕی بەشیر -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «ڕیزەکانتان ڕێک بکەن یان ئەوەتا خودا ناکۆکی دەخاتە نێوانتانەوە». ولە گێڕانەوەیەکدا: نوعمانی کوڕی بەشیر -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕیزەکانمانی ڕێکدەخست هەروەکو ئەوە وابێت تیرێکی ڕاستە؛ هەتاوەکو پێی وابوو کە ئێمە لە ئەوەوە فێر بووین (کە ڕیزەکانمان ڕێک بکەینەوە)، پاشان ڕۆژێک هات و وەستا بۆ نوێژکردن وخەریک بوو تەکبیر بکات (بڵێت: الله أكبر)، پیاوێکی بینی کە سینگی لە ڕیزەکە دەرچوو (سینگی هێنابووە پێشەوە)، بۆیە -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «ئەی بەندەکانی خودا، ڕیزەکانتان ڕێک بکەن یان ئەوەتا خودا ناکۆکی دەخاتە نێوانتانەوە».

[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە - بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دووپاتی دەکاتەوە ئەگەر ڕیزەکان ڕێک نەبن ئەوا خوای گەورە ناکۆکی دەخاتە نێوان دڵی ئەوانەی کە لە ڕیزەکاندا بە لاری وناڕێکی دەوەستن، وئەمیش کاتێک دەبێت کە هەندێک کەس پێشی هەندێک کەس دەبێت وبۆشایی لە نێوانەکان جێدەهێڵن. وپێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هاوەڵانی فێر دەکرد بە وتە وکردەوەیش هەروەکو لەم فەرموودەیەدا بە دەستی خۆی ڕیزەکانی ڕێکدەخست، هەتاوەکو پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پێی وابوو کە تەواو ئیتر فێربوونە وتێگەیشتوونە، ولە یەکێک لە نوێژەکاندا هاوەڵێکی بینی کە سینگی لە ڕیزەکە دەرچوو بوو (واتە سینگی -نیوە لاشەی سەرەوەی- هێنابووە پێشەوە) لە نێو هاوەڵاندا کە دیاربوو ڕیزەکە ناڕێکی تێدایە، بۆیە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- تورە بوو وفەرمووی: (ڕیزەکانتان ڕێک بکەن یان ئەوەتا خودا ناکۆکی دەخاتە نێوانتانەوە).

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/3085